# دەسەڵاتی عروبە, نەراست و نەچەپ, لەهەردوکیان خراپتر

کەمال ڕەئوف

بەپێی لۆژیکی مارکسیستی لەسیستەمی سەرمایەداریدا دەسەڵاتەکان بەسەر سێ جۆردا دابەش نابن, بەڵکە تەنها بەسەر دوو لایەن و دووجۆردا, کە ئەوانیش دەسەڵات و حوکمی سوسیالیستی یان بەرانبەرەکەی کەسەرمایەداریە, بەڵام لە پاڵ ئەم لۆژیك و لێکدانەوەیەدا, دەسەڵاتدارانی عەرەب داهێنانێکی تریان بەدنیای سیاسەت و حوکمرانێتی لەم سیستەمەدا زیاد کرد, بەمەش شێوە دەسەڵاتێکیان هێنایە ئاراوە کە لەهیچ شوێنێکی تری ئەم دنیا پەیڕەوی لێناکرێت جگە لە و ولاٌتانەی کە عەرەب نشینن, دەسەڵات و حوکمداری بە میراتی, واتە حوکمکردن بەرەچەڵەك و سیاسی بوون بەمیراتی مانەوە, لەو شێوە دەسەڵاتدارێتیانەیە, کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا تارادەیەك نامۆیەو سەرکردە عەرەبەکان کردویانەتە ئەمری واقع و بەسەر خەڵکی ولاٌتەکەیاندا سەپاندوە, هەر بۆیە سەیر نییە کە ئەمڕۆ سەیری هەر ولاٌتێکی عەرەبی دەکەیت لەپاڵ سەرۆکەکەیدا یان کورێکی سەرەی گرتوە, یان کوری سەرۆکێ پێشوو لەسەر حوکمە, تەنانەت ئێستا کار گەیشتوەتە ئەوەی لەولاٌتێکی بەناو دیموکراتی وەك میسرو لوبنانیشدا کە پێشتر تارادەیەك ئەم دیاردەیەی تیاداکەم بووە, ئێستا کوری سەرۆکەکان لە پێشەوە و لەشوێنی دیاریکراوی دەسەڵاتدا وەستاون. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم, واتە دوای دابەشکردنەوەی نەخشەی جیهانی لەسەر دەستی براوەکانی ئەم جەنگە, دەسەڵاتە عەرەبیەکان پێچەوانەی مەددی سیاسی دەسەڵاتداریتی و حوکمرانی سیستەمی سەرمایەداری کە بەڕوکەشانە دیموکراتیانە دەردەکەوێت هەر چەند ساڵێك کەسێك بەدەنگدان دەبێت بەسەرۆك و بەمەش جێگۆرکێ لەدەسەڵاتدا دەکرێ, سەرکردە عەرەبەکان پێیان لە کورسی حوکم و دەسەڵات قایم کردو سوێندی ئەوەیان خوارد کە تادواهەناسەی تەمەنیان ئەوجێگەیە بۆ کەسی تر چۆڵ نەکەن و ئەگەر تەمەنیش بەرەو پیری ومردنی بردن ئەوا جێگاکەیان بدەنە کورەکانیان, ئەو ئیزافە سەقەتە و دزێوە کە عەرەب هێنایە ئاراوەو لەبەرگێکی تردا نمایشی کرد تا رادەیەك بە سیستەمی سەرمایەداری نامۆ بوو, ئەو شێوازە کە حوکمەت و سیاسەت تادواهەناسە بەدەست سەرکردەی خۆسەپێنەوە بمێنێتەوە و لەدوایشدا کورسی حوکم بە میراتی لەباوکوە بگوێزێتەوە بۆکورو لەکوڕیشەوە بۆ کوڕەزا, گوتاری سیاسی عەرەبی هەڵدایە خراپترین حاڵەتی دنیای سیاسەتەوەو لەنێو کایە سیاسیەکانی جیهاندا یەکسانی کردەوە بەدەسەڵاتی فیودالیزمی پێش سەردەمی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرماتیەداری و بەمەش دەسەڵاتە عەرەبیەکان هەرلەسەرەتاوە لەمندالاٌنی سەرمایەداریدا بەسەقەتی خەملێن و گەورە بوون, هەر بۆیە سەرباری ئەوەی کە نیشتمانی عەرەبی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بەروبومێکی زۆری نەوت ومادە خامەکانی تری سروشتی بەهەرمەند بوون, بەڵام خۆیان دەرگیری گەورەترین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەسادی ئیداری کردو نەیان توانی لەگەڵ مەدە جیهانیەکە هەنگاو بنێن و پێشکەوتن بەخۆیان بدەن, ئەم شێوازی دەسەڵاتدارێتیە کە سەرەتا وەك قسەکەری ناسیونالیستی عەرەبی و یەکگرتنەوەی ولاٌتانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب دەستی پێکرد و چەمکی ناسیونالیستی کردە پەرچەمی خۆی, بەدرێژای دەسەڵاتدارێتی خۆی نەك هەر نەی توانی لەو ڕەووەوە پێشرەوی بکات و لایەنی کەمی دروشم و خواستەکانی خۆی بەدەست بهێنی, بگرە لەهەرەتی قوەتی خۆیدا بەشێك لەخاك و نەتەوەکەشی لەدەستداو لەنێو خۆیاندا کەوتنە دژایەتی کردنی یەکتری و بوونە هۆی دروستکردنی بارگژی لەنێو نەتەوەی عەرەبیداو لەپاڵ ئەو هەموو هات و هاواری نەتەوەپەرستیەیاندا بە درێژایی نیوسەدە نەیان توانی چارەسەری کێشەی فەلەستین بکەن. هەر بۆیە ئێستا پێش هەرکەسێك لاوە خوێنەوارو ڕۆشنبیرەکانی خۆیان گاڵتەیان بەو دروشم بەلێنانەی دەسەڵاتی عەرەبی دێت کە لەمەر پێشکەوتنی عەرەبیو یەکێتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاك دەیلێنەوە.

گرفتی ئەمڕۆی ئێمەی کورد لەنێو ئەم کایە سیاسیەدا, بەتەنها هەر ئەوەنییە , کە بەناچاری بووینەتە بەشێك لە پێکهاتەی خەڵکی ئەو ولاٌتەی کە هەموو ڕۆژێك, بەدرۆ بێت یان بە ڕاست, بەرپرسەکانی عروبەی ئەم ولاٌتە بە گوێی میداکاندا دەچرێنن و بوونی ئێمەی غەیرە عەرەب و نەتەوەکانی تر فەرامۆش دەکەن و دەمانکەنە شەریك و بەشێك لەو پاشاگەردانیەی خۆیان, هەروەها بەتەنها گرفت هەر ئەوەش نییە کە سەرکردە کوردەکانیش وەك سەرکردە عەرەبەکان تا دوا هەناسە دەستبەرداری کورسی دەسەڵات و سەرۆکایەتی نابن, بەڵکە گرفتی سەرەکی ئێمە لەوێوە دەستپێ دەکات کە پارتە سیاسیەکانی ئێمەش, سەرکردەکانی کوردیش, بەو شێوازی دەسەڵاتدارێتی عەرەبیە زاخ دراونەتەوەو تا ئێستا بەومەنتیقە عەرەبیە کاردەکەن و بەوە بارگاوی بوون کەدەسەڵات دوای خۆیان بۆ کوڕو کوڕەزاکانیان بەجێ بهێڵن, گرفتی ئێمە لەوێوە دەستپێدەکان کە لەپشتی هەر سەرکردەیەکەوە کوڕێکیان ئامادەیە بۆ گرتنە دەستی حوکم و خۆی بەمیراتگرەوەی باوکی دەزانێ, بۆیە ئەگەر بڕیار وایە ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکەین کە بوونی خۆمان لە بوونی عروبەی ئەوان

جیابکەینەوە, ئەگەر بڕیار وایە ئێمە چاو لەخراپەکانی ئەوان نەکەین ئەوان بەگەورەی خۆمان نەزانین و قاچ نەخەینە ئەو ئاوەوە لیخنەی کە ئەوان ڕشتویانە, سەرەتا دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە ئەو شێوازی دەسەلأتداریێتیە تورِ بدەینە ناو زبڵدانی مێژووەوە.